حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان

Worker-communist Party of Kurdistan

ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

# چالاكیەكانی ڕێكخراوی دەرەوەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان

## لە وڵاتەكانی: فنلەندا، نەرویج، ئەڵمانیا، بەریتانیا، سوید و كەنەدا

یەکی ئایاری ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا دەکرێتەوە کە بۆرژوازی و سەرمایەداران و حکومەتەکانیان گەورەترین هێرشیان نەک بۆسەر چینی کرێکار و ماف و دەستکەوتەکانیان توندکردۆتەوە، بەڵکو دۆزەخێکیان بۆ مرۆڤایەتی دروستکردووە، کە بەردەوام باجی قەیرانەکەیان بەسەر سەری سەرجەم خەڵکی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگادا دەشکێننەوە و بەجیا لە بێکارکردن و برسیکردن و کرێی کەم و فەزای فاشیستی و ڕاسیستیان توندکردۆتەوە، جەنگ و کوشتارو کاولکاری و کۆمەڵکوژی و ترسی هەموو ڕۆژێکی شەڕو کوشتار کۆمەڵگایان لە قاڵب داوە.

هەربۆیە ئەمساڵ  لە یەکی ئایارد لە سەراسەری جیهاندا، چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش و هێزە چەپ و سۆشیالیستەکان لەپاڵ بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکاندا هاتنەمەیدان بەدژی سیستەم و سیاسەتی ڕۆژانەی سەرمایەداری و حکومەتەکانیان و ئەو هەلومەرجەی سەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

ڕێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا لەگەڵ یەکێتیە کرێکاری و هێزە چەپەکاندا لەپاڵ ئەو خواست و داوکاریانەدا وەستا کە بۆ ١ی ئایاری ئەمساڵ بەرزکرابووەوە و بە لافتە و پلاکارد و ڕاگەیاندنی خۆیەوە، کە لێرەدا بەشێک لەو چالاکیانە بڵاودەکەینەوە.

### فنلەندا:

ڕێکخستنی فینلەندای حیزب بەشداری لە مارشی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی هاوپشتی چینی کرێکار لە  شاری هێلسینکی کرد، کە لەلایەن یەکێتی کرێکارییەکان و تۆڕەکانی هەڵسوڕاوی کرێکاری و لایەنە چەپەکان ڕێکخرابوو وە هەزارەها کەس لە کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکان  بەشدارییان  تێدا کرد.

هاوڕێیانی حزب بە لافیتەیەکی گەورە، بە وێنەی مارکس و دروشمی " تەنها چینی کرێکار دەتوانێت کۆمەڵگایەکی باشتر دامەزرێنێت**!**" و بەرزکردنەوی چەند دروشم و پلاکاردی تایبەت بە ئایار و ئاڵای سوور، بەشدارییان کرد.

هەروەها بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب تایبەت بە یەکی ئایار لە ناوەندی شار و جێگەی کۆبوونەوەی مارشەکە بڵاوکردەوە.

مارشی ئایار سەرەتا لە مەیدانی هاکەنیەمی کۆبوونەوە و پاشان بە وتنەوەی شیعاری دژی سەرمایەداری و بە بەرزکردنەوەی ئاڵا سوورەکان بەرێکەوت و مەیدان و شەقامەکانی هێلسینکی داپۆشی و لە مەیدانی بەردەم کتێبخانەی ئۆدی ئەو جێگەیەی کە سەکۆی قسەوباسی قسەکەرانی ئایار بوو کۆبوویەوە.

لینکی ڕێپێوانی فنلەندا:
https://www.facebook.com/100046868181365/videos/1053760499980136














**نەرویج: ئۆسلۆ:**

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی لە شەقامی سەرەکی گرۆنلاند، بە ئامادەبوونی چەند ڕێکخراوێک لەوانە کۆمیتەی خەبات (نەرویج)، کۆمەڵەی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان (نەرویج)، سۆسیالیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکان (نەرویج)، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ کۆمیتەی نەرویج، حیزبی حیکمەتیست/خەتی ڕەسمی، ڕێکخستنی نەرویج و چەند هەڵسوڕاوێکی فەلەستینی، کۆبوونەوەی یەکی ئایار دەستی پێکرد. یەکەمین وتەبێژ هاوڕێ جەمال موحسین لەلایەن حیزبەوە بوو کە بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی بە زمانی نەرویجی پێشکەش کرد و بووە مایەی پێشوازی گەرمی ئامادەبووان. دواتریش وتەی هەر یەک لەوانی تر پێشکەش کرا. بەدوای ئەوەشدا ڕێپێوان بە چەند شەقامێکی سەرەکیدا دەستی پێکرد کە تیایدا چەندین دروشم ئەوترانەوە کە سەرەکیترینیان بریتی بوو لە (هاوپشتی نێونەتەوەیی بەهێز بکەین، هیچ یارمەتیەک بۆ دەوڵەمەندان نا، با خۆیان باجی قەیرانەکەیان بدەن...). شایانی وتنە هاوڕێیانی حیزب بە لافیتەی حیزبەوە کە لە سەری نووسرابوو (نا بۆ جەنگ، نا بۆ میلیتاریزم، بەرەو شۆڕشی سۆشیالیستی) و چەندین تراکت کە لەسەریان نووسرابوو (نا بۆ سیاسەتی سکەهەڵگوشین، نا بۆ برینی بیمەکان، ڕەگەزپەرستی و ڕق بەرامبەر بە پەنابەران قڵشت ئەخاتە ناو کرێکارانەوە و پێویستە بەرەنگاری ببینەوە، نا بۆ بەشداریکردنی لە پیشبڕکێی چەکدا لەسەر گیرفانی ئێمە) بەشدارییان کرد. دوای ڕێپێوان بە کۆبوونەوەی گەورەی یەکێتیە کرێکاریەکانەوە پەیوەست بوون لە گۆڕەپانی کرێکاران (یونگستورگە) و لەوێشدا دەیان بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوە بەبۆنەی یەکی ئایارەوە بە زمانی نەرویجی بەناو ئامادەبوواندا بڵاوکرایەوە.

بەشێک لە دروشمە سەرەکیەکانی ئایاری ئەمساڵ لە ئۆسلۆ بریتی بوو لە: دیموکراتی بەهێز بکەن و فاشیزم تێکبشکێنن، کار بۆ هەمووان، لێگەڕێن با دەستە بێکارەکانی کەرتی بیناسازی خانوبەرە دروست بکەن، دەست لە کۆمەڵکوژی فەلەستینیەکان هەڵبگرن، ئیسرائیل بایکۆت بکەن و سندوقی نەوت لە وەبەرهێنان لە ئیسرائیل بێننە دەرەوە، گرنگی بە منالان و لاوان بدەن و قوتابخانەکانی ئۆسلۆ دامەخەن.... چەندینی تر..

جێگای سەرنج بوو کە بەوهۆیەوەی حکومەت بریاری داخستنی یاخود کەمکردنەوەی چەندین قوتابخانەی منالانی داوە، ٣ منال هاتنە سەر سەکۆ و وتەیان پێشکەش کرد و ڕەخنەیان لەم سیاسەتەی دەوڵەت گرت. وتەکانیان بووە مایەی پشتیوانییەکی زۆر بێوێنەی ئامادەبووان.

پێویستە بووترێ کاتێک سەرۆک وەزیران، یوناس ستورە، ویستی قسە بکات لە ئاپورەی جەماوەرەوە لێیکەوتنە هوهاکێشان و بە وتنەوەی دروشمی (یوناس گوێبگرە، منالان لە غەززە ئەمرن) ڕێگەیان لێگرت وتەکەی پێشکەش بکات و بە ناچاری ٣ جار قسەکانی بڕی و داوای لە خەڵک کرد "ئازادی دەربڕینی لێ نەگرن!" هەتا پێشکەشکاری بەرنامەکانی یەکی ئایار لەلایەن کۆنفیدراسیۆنی یەکێتیە کرێکاریەکانەوە ناچار بوو داوا لە خەڵک بکات "ڕێز لە سەرۆک وەزیران بگرن و ئازادی دەربڕینی پێشێل نەکەن!" کە ئەمەش بووە مایەی هوتافکێشانی زیاتری ئەو ئاپورەی جەماوەر تا ماوەیەکی زۆر ئنجا سەرۆک وەزیران توانی قسەکانی تەواو بکات...

پاشان بەشداربووان بە ڕێپێوشتن وەک نەریتی ساڵانە بەناو شاردا سوڕانەوە و گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانەکە کە بەهۆی زۆر ئامادەبووانەوە هێشتا چەند ڕیزێک دەرنەچوبوون لە گۆڕەپانەکە، ڕیزەکانی یەکەم گەڕانەوە هەمان شوێن. بەمجۆرە یەکی ئایاری ئەمساڵ شۆڕوشەوق و گەرمی گوڕییەکی دژی جەنگ و میلیتاریزم و کۆمەڵکوژی لە غەززە و فەلەستین پێوەدیار بوو. وە لە ئۆسلۆ زیاد لە ١٠ هەزار کەس بەشدار بوون تێیدا .

لینکی وتەی جەمال موحسین لە ئۆسلۆ، لە شەقامی گرۆنلاند:

https://www.facebook.com/share/v/19GKQNr9Z8/

لینکی لایڤی بەشداری لە یەکی ئایاری ئۆسلۆ:

https://www.facebook.com/share/v/1DQgN6YuMN/

نەرویج: فرێدریکستاد:

هاوڕێیانێک لە حیزب لە کۆبوونەوە و ڕێپێوانی یەکێتیە کرێکاریەکاندا بەشدار بوون و وێڕای بەرزکردنەوەی تراکتی حیزب بە دروشمەکانی خۆمانەوە و چەندین نوسخە لە بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەیان بە زمانی نەرویجی بەناو ئامادەبووواندا بڵاوکردەوە و بووە جێی پشتیوانی بەشێکی لە خەڵکەکە.

لینکی یەکەمی لایڤی ڕێپێوشتنی یەکی ئایار لە فرێدریکستاد:

https://www.facebook.com/share/v/1AWxfgEE79/

لینکی دووەم:

https://www.facebook.com/share/v/16fQgspLuY/















**بەریتانیا:**

ئایاری دژی سیاسەتی حکومەتی سەرمایەداران لە لەندەن
ئەمساڵ سەرتاسەری دنیا لەهەلومەرجێکی تایبەتی دژی هێرشەکانی سەرمایەداری و حکومەتەکانیان بۆ سەر کارو ژیانی چینی کرێکار و لێسەندنەوەی دەستەکەوتە ئینسانی و چینایەتیەکان توندبۆتەوە، هەربۆیە مارشی ملیۆنی چینی کرێکار و یەکێتیە کرێکاریەکان، شەقام و ناوەندەکانی شارەکانیان لە دنیادا بە خواست و داوکاریەکانیان بە کۆبوونەوە و ڕێپێوان نەخشاند.
بەهەمانشێوە ڕۆژی یەکی ئایار لەسەر بانگەوازی یەکێتیە کرێکاریەکانی بەریتانیا، سەرلە بەیانیەکەی لەبەردەم کتێبخانەی مارکس وەک هەموو ساڵێک کۆبوونەوە، بە بەشداری یەکێتیە کرێکاری و حزب و ڕێکخراوەکانی لایەنگری چینی کرێکار بە دانانی دەیان خێمەی مێزکتێب و بڵاوکردنەوەی هەزاران بەیان و ڕاگەیاندن و بەرزکردنەوەی لافتە و پلاکارت و بەرزکردنەوەی دروشم و خواستێک کە یەکێتیە کرێکاری و لایەنەکان لەکۆمەڵگادا بەزەروری دەزانن، کە ئەمانە بوون بەرزکرابوونەوە: نا بۆ بڕینی خزمەتگوزاریەکان و بەدژی

دەرکردن و کەمکردنەوەی کرێکاران لەسەرکارەکانیان، دژی ڕەوتی دژە پەنابەری و دروشمی دژی حزبی ریفۆرمی نایجل فراج و کە لایەنگری بزوتنەوەی رەگەزپرستانەیە، هەروەها بەدژی کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین و دژی حکومەتی ئیسرائیل.
کۆبوونەوەکە بەردەوامبوو تا ١ی دوانیوەڕۆو پاشان بەرێپێوان بەناوشاردا بەرەو مەیدانی تراڤلگار سکوێر لەناوەندی شاردا دەستی پێکرد، کە ساڵانە لەوێدا کۆدەبنەوە بۆ قسەوباسی لایەنەکان لە یەکێتیە کرێکاری و حزبە چەپەکان.
ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە پلاکاردی حزبەوە بەشداری کرد و سەدان نوسخە لەبەیاننامەی حزب و فیدراسیۆن لەسەر یەکی ئایاری بڵاوکردەوە. هەروەها هەریەکە لە دانیال ڕانداڵ لە کرێکاری هێڵی ئاسن، نوێنەری شوێنی کار و بەرپرسی لقی یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی دەریایی و گواستنەوەی شەمەندەفەر کە RMT یە و چالاکوانێکی سۆسیالیستییە لە ۆرکر لیبرتی و موحسین کەریم، لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان؛ قسەوباسیان بۆ پەیجەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بەزمانەکانی بەشی ئینگلیزی و کوردی کرد سەبارەت بەوەی لە چ بارودۆخێکی جیهانی یادی ڕۆژی ئایار دەکرێتەوە و داواکاری سەرەکی کرێکاران لە بەریتانیا لە ڕۆژی ئایاری ٢٠٢٥ دا چییە؟.
لێنکی قسەباسی دانیال ڕانداڵ:

https://www.facebook.com/100046868181365/videos/4101557103411757

لینکی قسەباسی موحسین کەریم:

https://www.facebook.com/100046868181365/videos/3552232515073005

لینکی ڕێپێوانی بەریتانیا:

https://www.facebook.com/100046868181365/videos/1157101142830977















**ئەڵمانیا:**

ڕێکخستنی حزب لە شاری کالسرۆ هاوشان لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکاریەکان و حزب و ڕێکخراوە چەپ و سۆشیالیستەکان لە سەنتەری شاری کالسرۆ، بەشدارییان کرد لە ڕێپێوانی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، لەم ڕێپێوانەدا هاوڕێیانی حزب، بە بەرزکردنەوەی لافیتەی کە دروشمی بژی یەکی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، بەشدارییان کرد.

هەروەها هاوڕێیان چادرێکیان لە مەیدانی شاردا ئامادەکرد، لەوێدا بەیاننامەی حزب و بڵاوکراوەکانی حزبیان بە نێو بەشداربوانی بۆنەی یەکی ئایار بڵاوکردەوە.

لە شاری کۆلن ڕێکخستنی حزب بە هاوبەش لە گەڵ هاورێیان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیکمەتیست / خەتی ڕەسمی، سەرەتا لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هاوشان لەگەڵ ڕێکخراو و سەندیکا کرێکاریەکان و حزب و ڕێکخراوە چەپ وسۆشیالیستەکان، بەشدارییان لە ڕێپێوانی یەکەی ئایاردا کرد، دواتریش چادرێکیان ئامادەکرد لە نێو سەنتەری شاری کۆلن لە مەیدانی هۆی مارکت، کە لەوێدا مەراسیمی

یەکی ئایار بەڕێوەچوو، لەم مەراسیمەدا هاوڕێیانی حزب بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی حزبیان ئامادەکردبوو، هەروەها چەندین گفتوگۆی سیاسییان لەگەڵ بەشێک لە بەشداربوانی مەراسیمەکەدا سازدا.

هەروەها ڕۆژی ٣ی ئایار کۆمیتەکانی ئەڵمانیای هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حیکمەتیست - خەتی ڕەسمی، بەهاوبەش مەراسیمی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکاریان سازکرد، لەو مەراسیمەدا وتەی هەردوو حزب پێشکەش کرا.
لینکی قسەوباسی عیرفان کەریم:

https://www.facebook.com/100046868181365/videos/1806980046540591


















**سوید:** ستۆکهۆڵم و مالمۆ:

بژی یەکی ئایار ، بژی یەکێتی و هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار
کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەشداریمان کرد لە خۆپشاندانی ١ی ئایار لە شاری ستۆکهۆڵم. لە زۆربەی شارەکانی سوید خۆپیشاندان و چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوە چوو، لەوانە لە خودی شاری ستۆکهۆڵم لە چەندین گۆڕەپانی سەرەکی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری ڕێکخرا
بە بەشداری چەندین ڕێکخراوی چەپ و کرێکاری، لەو جێگایەی کە ئێمەی لێبووین گۆڕەپانی (Kungsträdgården ) کە خۆپیشاندانەکە لەلایەن حزبی چەپەوە ڕێکخرابوو 23 هەزار کەس بەشداربوو. درووشمە سەرەکیەکان بریتی بوون لە خەبات لە دژی ڕاسیزم و فاشیزم، وە خەبات لە دژی گرانی و کەمکردنەوەی سەعاتی کار، هەروەها لە دژی شەڕ و پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین..
یەکی ئایاری ئەم ساڵ سەرەڕای بەرزکردنەوەی تراکت و درووشمە سەرەکیەکانی حزب و و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حزب و فرۆشتنی تیشێرتێک کە وێنەی مارکسی لەسەر بوو هەروەها فورسەتێک بوو بۆ دیدار و وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەکی زور لە دۆست و هاوڕێیان کە هاتبوون بۆ بەشداری .
هەروەها لە شاری مالمۆ هاوڕێ شیرین ئەحمەد بەشداری خۆپیشاندانی شاری مالمۆی کرد .

**کەنەدا:**

ڕێکخستنی کەنەدای حیزب بەشداریەکی چالاکانەی هەبوو لە کۆبوونەوە و ڕێپێوانێک کە بۆ یادی یەکی ئایار سازکرابوو لەلایەن کۆمیتەی ڕۆژی نێونەتەوەی کرێکاران کە پێکهاتبوو لە چەندین یەکێتی و سەندیکای کرێکاری و حیزب و ڕێکخراوەی چەپ و مارکسیست و لە نێویاندا حیزبی ئێمەیش. کۆبوونەوەکە کە لە ناوەندی شاری تۆرنتۆ بوو لە کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆی شەممە ٣ی ئایار بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد و پاشان بە چەندین ووتەی نوێنەری کرێکاران و حیزب و گروپەکان و بە چەندین دەوشم کۆتاییهات، لە ناویاندا، ( سۆشیالیزم بۆ هەمووانە ، شەقام بۆ ئێمەیە ئەگەر خواستەکانمان بەجێ نەهێنرێ دایدەخەین، لانی کەمی کرێ دەبێ دوو بەرابەر بێت ). جگە لەمانە بە بەشداری تیمی میوزێک سروود و گۆرانی و دانس پێشکەش کرا.

شایانی باسە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە جیا خەیمەی خۆی هەڵدابوو بە بەشداری حککع و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیکمەتیست - خەتی رەسمی کە ڕازێنرابوەوە بە دروشم و لافیتە و پلاکارتی حیزب بە بۆنەی یەکی ئایارەوە و لە هەمان کاتدا حیزب بڵندگۆی خۆی هەبوو کە سەرجەم دروشمەکانی حیزبی بۆ یەکی ئایاری تێدا دەووترایەوە. ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب بە هەڵکردنی لافیتەی سەرەکی حیزب و پلاکارت و چەندین ئاڵای سوور کە هەندێکیان ناوی حیزبیان لە سەر بوو بەشدار بوون لە کۆبوونەوەکەو وە ڕێپێوانە گشتی یەکە بە ناو شەقامی سەرەکی شاردا.

لینکی ڕێپێوانی کەنەدا:

https://www.facebook.com/sardar.abdullahhama/videos/894912562776155

لینکی قسەوباس لە کەنەدا:

https://www.facebook.com/100046868181365/videos/701632535639882














ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

٤ی ئایاری ٢٠٢٥

Email: lead.committe.abr.org@gmail.com Tel: 00447720291516 004747276028 0015198411816
Website: www.hkkurdistan.org